# لەمێوە داروخام

ئیدریس عەلی

ئاه.. ماڵ خراپ

چەندێکە لەتۆدا

ورۆکاس نێژدراوم ؟

لەیادما چەندێکە

بەرسیلەی ئێوارە تام دەکەم ؟

تاترێی شەوگارم رەش نەبێ

شەرابی بەیانیم مەست نابێ,

لەخۆمدا هێشتاکێ

باخچەمو تۆدەگرم..

پێم بڵێ چی گوڵو هەتاویت؟

تۆدەگرم لەشوشەو لەشەوما

عەتریش بیت

خاشبوونت نزیکە

لەرێگاو

هەنارو بارانم..

دیقیش کەیت هەردەمرم

بەدزی مامۆستاو

چایەکی کەم شەکر

بەدزی کەروێشکێک

کەچاڵی کردۆتە رۆحمەوە..

دەتگرمە بارانو

شەویش بیت بارینت نزیکە بڕژێیتە

تاریکی دڵمەوە..

جارێکیان لەسەربان جگەرە وەک باوکم هاوڕێم بوو

هەردووکیان ئەولادی باخێک‌و

چون ئێستا یادگاری سێوێک بون,

لەسەربان ئازاد بووم وەک هەوا

گۆرانی‌و شیعر بووم

چوون شەقام

زەریف‌و

جارجاریش ئاوێنە

خودایە.. ئاوێنەی ئەم ڕۆژە پیرمەکات..

کەچی تۆ ئەو شەوە لەسەربان مانگ بوویت‌و

تاریکی‌و تەنیایت گسکەدا

پێم بڵێ چی شنەیت؟

کەچی من ماڵ خراپ .. کەچی من

کۆڵانێک یادگاری‌و

چیمەنێک مناڵی‌و

باوەشێک سەرسەختی نەبووبم هیچ نەبووم ..

هیچ نەبووم ماڵ خراپ

نیوەمت بارانکردە

ناو شووشەی گوڵاوی گریان‌و

نیوەمت شیعراندە

نێو جانتای سەرشانی تەنیایی,

کەچی تۆ ماڵ وێران

لەو هەمو ژنێتیەی کەلەخۆت زیاد بوو

یەک نەختت بەشنەدام..

بەڵام من تاهەزار خۆشمەوێیت ,

گومبوونت لەمنا نزیکەو

لەکوێیە شوێن دەستی سلاوێک پەیداکەم

ببمەوە بەشووشەو

عەتری گشت وەرزەکان لەمنا هەڵگری..

لەخۆشیا ببمەوە درەخت‌و

عەشقم پیا هەڵبخەیت..

ئەی درەخت پێی بڵێ

پیاوی ژێر گەلاکان رژاوە,

(سیگارێک) بەرووخسەت هەرشتێ ,

تاریکی ئەم ژوورە بەشناکات

کەمێتر تاریکی,

ما ڵوێران لەمێوە داروخام.. کەمێتر

ئاگرت تیاماچاند

ماڵ خراپ

عاشقبم

گومبوونت لەکوێما پەیداکەم

دیق مەکە با نەمرم

بارانبە تاببم بەجادەو بخنکێم ..

ئاه.. ماڵ وێران

چەندێکە لەتۆدا..

لەمێوە..

ماڵئاوا..

بەروخسەت .. ماڵوێران..

بێدەنگبە..

پیاوی ژێر گەلاکان نووستوە.